# ئەگەر یەکێکتان گوریسێک ببات، وکۆمەڵێک دار بهێنێت بە کۆڵی خۆی وبیفرۆشێت، و بەهۆی ئەمە الله ڕووی بپارێزێت (لە داواکردن)، ئەمە خێرترە بۆی لەوەی داوا لە خەڵکی بکات؛ لەوەیە پێی ببەخشن یان پێی نەبەخشن

لە زوبەریری کوڕی عەوامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموویت: «ئەگەر یەکێکتان گوریسێک ببات، وکۆمەڵێک دار بهێنێت بە کۆڵی خۆی وبیفرۆشێت، و بەهۆی ئەمە الله ڕووی بپارێزێت (لە داواکردن)، ئەمە خێرترە بۆی لەوەی داوا لە خەڵکی بکات؛ لەوەیە پێی ببەخشن یان پێی نەبەخشن».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە هەرکەسێك لە نێو خەڵکیدا ئیشێك بکات وەکو بۆ نمونە گوریسێک ببات وکۆمەڵێک دار بهێنێت بە کۆڵی خۆی وبیفرۆشێت، وبە پارەکەی خواردن بۆ خۆی دابین بکات، یان خێری پێ بکات، وبێ پێویست بێت لە خەڵکی وڕووی بپارێزێت لە زەلیلی داوا کردن؛ ئەمە خێرترە بۆی لەوەی داوا لە خەڵکی بکات؛ لەوەیە پێی ببەخشن یان پێی نەبەخشن، داوا کردن لە خەڵکی زەلیلیە، وئیماندار بەشکۆیە وزەلیل نییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3785

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee